# وەقایعی كوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (٢٧٩)سالی بیست و یەكەم   ١٠ شوبات ٢٠٢٢ ز.   ٢١ ڕێبەندان ٢٧٢١ كوردی   ٩ ڕەجەب ١٤٤٣ كۆچی

279

**یاسای ژمارە (١٩)ی سالی ٢٠٢١** ل ١
یاسای هەمواری یەكەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان - عێراق
ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٠

**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢١٧)ی سالی ٢٠٢١** ل ٢
نوێكردنەوەی ماوەی سەرۆكایەتی (خالد هادی چاوشلی) بۆ پۆستی سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی

**فەرمانی سالی ٢٠٢٢ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٣
تایبەت بە بەرجەستەكردنی شۆڕكردنەوەی دەسەلات و بنەمای لامەركەزییەت لە بەڕێوەبردن

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی كار وكاروباری كۆمەلایەتی** ل ٦
هەمواری یەكەمی ڕێنمایی تایبەت بە خانەكانی دایەنگا ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٥

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی كار وكاروباری كۆمەلایەتی** ل ٢٣
تایبەت بە خێزانی جێگرەوە

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٩
تایبەت بە پێشینەی پلانی لەناكاو

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٠
تایبەت بە ڕاپۆرتی هەلسەنگاندنی كاریگەری ژینگەیی (EIA)

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١١
تایبەت بە دەرمالە لەبری كەم ئەندامی

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٢
تایبەت بە لێخۆشبوون بەڕێژەی (١٥%)

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٤
هەمواری یەكەمی ڕێنمایی ڕێكخستنی نووسینگەكانی فێركردنی شوفێر ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢١

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ پەرلەمانی كوردستان** ل ١٥
تایبەت بە هاوپێچی خشتەی ڕەسمەكان لە یاسای كۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەكان ژمارە (١٨)ی سالی ٢٠٢١

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ئەنجومەنی دادوەری** ل ١٦
پێكهێنانی دادگای بەرایی تایبەتمەند بە بینینی داواكانی (بازرگانی)

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ل ١٧
كردنەوەی شارەوانی (تووە سپی) لە پارێزگای سلێمانی

**بەیانی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٧
هێنانەكایەی گوندی پیران مقلوب

**بەیانی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٨
هێنانەكایەی هەردوو قەزای (عەنكاوە) و (پیرمام)

**بەیانی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٩
هێنانەكایەی قەزای (بازیان)

**بەیانی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٠
گۆڕینی ناوی گوندی (كانی مانگا) بۆ (كەژان)

**بەیانی ژمارە (١ - ٢ - ٣)ی سالی ٢٠٢٢ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلایەتی** ل ٢١

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - بالەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

نرخ (١٥٠٠) دینارە

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٧٩) الحادي والعشرون ١٠ شباط ٢٠٢٢م. ٢١ ڕێبەندان٢٧٢١ک. ٩ رجب ١٤٤٣ هـ.

279

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

**قانون رقم (١٩) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٢

قانون التعديل الأول لقانون وزارة المالية والاقتصاد لإقليم كوردستان - العراق رقم (٥) لسنة ٢٠١٠

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٣

تعليمات الأسرة البديلة

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ برلمان كوردستان** ص ٢٨

خاص بملحق القانون الشركات الامنية رقم (١٨) لسنة ٢٠٢١

## فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

**أمر أقليمي رقم (٢١٧) لسنة ٢٠٢١** ص ٢

**أمر لسنة ٢٠٢٢ مجلس الوزراء** ص ٣

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزاره العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٦

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزاره المالية و الأقتصاد** ص ٩

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزاره المالية و الأقتصاد** ص ١٠

**تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢ وزاره المالية و الأقتصاد** ص ١١

**تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٢ وزاره المالية و الأقتصاد** ص ١٢

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزاره الداخلية** ص ١٤

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ مجلس القضاء** ص ١٦

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢١ وزارة البلديات والسياحة** ص ١٧

**بيان رقم (٣-٤-٥-٦) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية** ص ١٨

**بيان رقم (١-٢-٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢١

No: 279 Date: February 10, 2022 Vol: 21

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

بسعر (١٥٠٠) دينار

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٥)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٢)ی رۆژی ٢٠٢١/١٢/٢١ کردوویەتـی، بڕیارمانـدا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی (١):**

دەقی ماددەی (پازدەیەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

**ماددەی (پازدەیەم): بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین):**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕیی یان ئابووری، و ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت، و چاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکیەکانیان و بەدواداچوونیان دەکات.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

**ماددەی (٢):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو دووبارە پەیکەربەندی و ڕێکخستنەوەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی کاروباری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و گۆڕینی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٥/ ١ /٢٠٢٢**

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**فەرمانی هەرێمی**
**ژمـارە (٢١٧)ی سـاڵی ٢٠٢١**

بەپێی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی نوێکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق ، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:**

نوێکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی (**خالد هادی چاوشلی**) بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق بەپلەی وەزیر ، بۆ ماوەی (٤) ساڵ کە دەست پێدەکات لە رۆژی تەواو بوونی ماوەی یەکەمی لە رێکەوتی ٢٠١٨/٥/١١ .

**دووەم:**

ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
١٥/ ٧ /٢٠٢١

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٩٢٢ لە ٢٠٢٢/٢/٢**

**فــەرمــان**

پاڵپشـــت بە بڕیـــاری ئەنجـــومەنی وەزیـــران ژمـــارە (٥٣) لە ڕێکەوتـــی ٢٠٢٠/٥/٥، بە مەبەســـتی بەرجەستەکردنی شۆڕکردنەوەی دەسـەڵات وبنەمـای لامەرکەزیـیەت لە بەڕێـوەبردن، بڕیارمانـدا بە ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:**

پێویسـتە وەزیـر و سـەرۆکی لایەنـی نەبەسـتراو بە وەزارەت لانیکەمـی ئەم دەسـەڵاتانەی خـوارەوە سـەبارەت بە فەرمـانبەرانی ڕاژەی شارسـتانی دابەزێـنن بـۆ بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان لە سـنووری پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکان و ئەو بەڕێـوەبەری فەرمـانگە وبەڕێوەبەرایەتییـانەی سـنووری پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکانیش کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتییان لە دیـوانی وەزارەت و لایەنـی نەبەستراوە بە وەزارەت نیە، و ئەوەی لەم بڕگەیەدا هـاتووە کـاریگەری نابێـت لەسـەر ئەو دەسـەڵاتە کارگێڕییـــانەی کە لە پـــێش دەرچـــوونی ئەم فەرمـــانە شـــۆڕکراونەتەوە لە چوارچێـــوەی یاســـا کارپێکراوەکان:

١- دەسەڵاتی سەرمووچەی ساڵانە (علاوة سنوية) بە فەرمانبەران تا پلەی وەزیفی (٣) و بەرەوخـوار بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٢- گواسـتنەوە و تەنسـیبکردنی فەرمـانبەران لە پـلە (٣) وبەرەوخـوارەوە لەسـەر میلاکـی دیـوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە، ومیلاکی ئەو فەرمانگە وبەڕێوەبەرایەتییـانەی کە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتییان لە دیـوانی وەزارەت ولایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت.

٣- دەربڕینی لارینەبوون لەسـەر گواسـتنەوە و تەنسـیبکردنی ئەو فەرمـانبەرانەی کە لە بـڕگەی (٢)ی سەرەوە ئاماژەیـان پێـدراوە بـۆ وەزارەت و دامەزراوەکـانی دیکە لە سـنووری پارێزگـا و ئیـدارەی ســـەربەخۆ لە دوای هـــاتنەدی گشـــت مەرج وپێداویســـتییەکانی هـــاتوو لە یاســـا وڕێنمـــاییە کارپێکراوەکان و بە مەرجێک هیچ جۆرە پابەندییەکی دارایی زیادە لەسەر حکومەت دروست نەکات.

٤- بڕگەکانی (٢) و (٣)ی سەرەوە هەردوو وەزارەتی (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە) ناگرێتەوە.

٥- جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (٢) و (٣)ی سەرەوە پەیوەستە بە ڕەچـاوکردنی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشـینی لە هەرێمی کوردستان-عێـراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٣٣) لە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/١١/٦، و بڕیارەکـانی تـایبەت بە قۆنـاغی دووەمـی جێبەجێکردنـی پرۆگرامـی بایۆمەتری.

٦- جێگیرکردنی فەرمانبەران دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونیان.
٧- کۆتاییهێنان بە ڕاژەی فەرمانبەران لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی ئاگادارکردنەوەیان (اخطار) بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.
٨- ئاڕاستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران و دەرکردنی فەرمانی پێدانی پێشخستن (قدم) لە دەرەنجامی وەرگرتنی ئەو سوپاس و پێزانینە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
٩- پێدانی گشت جۆرەکانی مۆڵەتی یاسایی وەک مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی و مۆڵەتی دایکایەتی و مۆڵەتی بێ مووچە بۆ گشت پلە گشتییەکانی وەزیفە بەپێی مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا وڕێنماییە بەرکارەکان، و بڕینی ئەو مۆڵەتە و دەرکردنی فەرمانی دەست لەکارترازاندن ودەستبەکاربوونەوەی فەرمانبەر.
١٠-پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ ناوەوەی وڵات بەپێی مەرجەکانی هاتوو لە پەیڕەو و ڕێنمایی مۆڵەتی خوێندن.
١١-ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیشوکاری فەرمی لە ناو هەرێم و عێراق کە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت.
١٢- خانەنشینکردنی فەرمانبەر لە پلە (٣) و بەرەوخوارەوە بە هۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی یان لە حاڵەتەکانی دیکەی مافی خانەنشینبوونی ڕێگەپێدراو لە یاسا بەرکارەکانی خانەنشینی بە مەرجی هاتنەدیی گشت مەرج وپێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییەکارپێکراوەکان.
١٣- پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١.
١٤- پێکهێنانی لیژنە پێویستەکان کە لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکاندا هاتووە وەک لیژنەی کڕین یان بەکرێگرتن و کردنەوەی تەندەر و شیکردنەوە و لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن وبەکرێدان.

**دووەم:** پێدانی ئەم دەسەڵاتانە بە وەزیرەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان:

١- لە جیاتی دانان بۆ کارمەندانی گرێبەست و کاتی لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتیان.
٢- گواستنەوەی کارمەندانی گرێبەست و کاتی لە نێوان فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەمان وەزارەت.
**٣-** درێژکردنەوەی ماوەی خزمەتی فەرمانبەران بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ لە ڕۆژی کۆتاییهاتنی تەمەنی وەزیفی تەنها بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ڕێکەوتی گەیشتنیان بە تەمەنی خانەنشینی خزمەتی وەزیفی پێویستییان نییە بۆ شایستەبوونی مووچەی خانەنشینی، بۆ ئەو حاڵەتانەی پێویستییان بە ماوەی ساڵێک زیاترە تاوەکو (٣) سێ ساڵ لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**سێیەم:**

سەرجەم ئەو دەسەڵاتانەی لەم فەرمانەدا ئاماژەیان پێدراوە دەبێت لە چوارچێوەی یاسا ورێنماییە بەرکارەکان پیادەبکرێن و وێنەی ئەو فەرمانە کارگێڕییانەی بۆ پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە بدەن بە دیوانی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت، ولایەنی ڕاسپێردراو بە پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە بەرپرسیارێتی یاسایی لە ئەستۆ دەگرن لەم ڕووەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتییەکانی وردبینی وچاودێری دارایی وەزارەت ولایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و دامەزراوەکانی دەسپاکی ودیوانی چاودێری دارایی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بەپێی تایبەتمەندییان.

**چوارەم:**

وەزیرەکان وسەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکەن ولە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە، وپێویستە فەرمانی کارگێڕی شۆڕکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە دەربکەن لە ماوەیەک کە لە (٣٠) سی ڕۆژی کار تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم فەرمانە پێیان ووێنەی فەرمانەکانی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە بۆ ئەم سەرۆکایەتییە بنێرن.

**پێنجەم:**

کار بە هیچ ڕێنمایی وبڕیار وفەرمان ونووسراوێک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم فەرمانە لە دوای کەوتنەبواری جێبەجێکردنییەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٤٨ لە ٢٠٢٢/١/١٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (حەڤدەم / ١) لە سیستەمی خانەکانی دایەنگا ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٣، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە خانەکانی دایەنگا لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی ماددەی (سێیەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی لە ناوەندی هەر پارێزگایەك یا ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك یان زیاتر پێکدەهێندرێت بە سەرۆکایەتی توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یا دەروونی ، وە ئەندامیەتی کارمەندێکی تەندروستی و یەکێکی تری پەروەردەیی کە پسپۆربن لە بوارەکانی پەروەردە کردنی منداڵ ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرن : یەکەم : .....

**ماددەی (٢):**

زیاد کردنی ماددەیەك دوای ماددەی (٩) ، بە ژمارە (١٠) وماددەکانی دواتر ریزبەندی نوێ وەردەگرن ،کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی :

**یەکەم:** بەکارهێنانی ئامێری زیرەك لەلایەن منداڵان وکارمەندانەوە لەکاتی دەوامی فەرمیدا قەدەغەیە.

**دووەم:** گرنگیدان بە زمانی کوردی پێویستە و زمانی دایك لە پێشینە دەبێت .

**سێیەم:** لەبەرچاو گرتن و گرنگی پێدان بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت .

**چوارەم:** مامۆستای پیاو بۆی هەیە وانەکانی هونەر و مۆسیقا و وەرزش بڵێتەوە .

**ماددەی (٣):** زیادکردنی دوو بڕگە بە ژمارە (سێیەم و چوارەم) بۆ ماددەی (دوازدە) کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**سێیەم:** نابێت کرێی مانگانەی بەخێوکردنی منداڵ لە دایەنگا ئەهلیەکان بە هیچ جۆرێك لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار تێپەڕ بکا .

**چوارەم:** دایەنگا پۆلێن دەکرێن بۆ ( A –B – C ) ، و مەرج و نرخ وفۆرمی پێویست بۆ پۆلێن لەلایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێت .

**ماددەی (٤):** هەموارکردنەوەی ماددەی (چواردە) وە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

لە کاتی پێشێلکردنی حوکمەکانی هاتوو لە سیستەمی خانەکانی دایەنگا ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٣ وەیان ڕێنماییەکانی تایبەت بە دایەنگا ، لە لایەن دایەنگا ئەهلیەکانەوە ، ئەم ڕێککارانەی خوارەوە بەرامبەریان دەگیرێتە بەر:

**یەکەم:** ئاگادار کردنەوەی خاوەنی دایەنگا کە لە ماوەی (١٠) دە رۆژدا ئەو کەم وکوریانەی کە بۆی دیاری کراوە چارەسەر بکات .
**دووەم:** لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ، هۆشداری یەکەمی ئاراستە دەکرێت و ماوەی **(٧)** حەفت رۆژی پێدەدرێت بۆ لابردنی (نەهێشتنی) سەرپێچییەکان .
**سێیەم:** لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەبێ پابەندبوونی خاوەن دایەنگا بە لابردنی (نەهێشتنی) سەرپێچییەکان ، ئەوا بە نوسراوی فەرمی بانگهێشتی بەرێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت و هۆشداری کۆتایی ئاراستە دەکرێت ، و بە گوێرەی جۆری سەرپێچییەکەی ماوەی کۆتایی پێدەدرێت .
**چوارەم:** لە کاتی بەردەوام بوونی لە سەرپێچی ، ئەوا بە بڕیاری وەزیر یاخود ئەوەی کە دەسەلاتی لەلایەن وەزیرەوە پێدەدرێت ، مۆڵەتی لێدەسێندرێت و ماوەی یەك مانگ دەدرێتە خانەوادەکان بۆ گواستنەوەی منداڵەکانیان بۆ دایەنگایەکی تر .
**پێنجەم:** دوای لێسەندنەوەی مۆڵەت ، خاوەن دایەنگا بۆی نیە داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی دایەنگا پێشکەش بکات تا تێپەڕبوونی (١) یەك ساڵ بەسەر رێکەوتی لێسەندنەوەکە بە مەرجێك بە هۆکاری هاتوو لە بڕگەی شەشەمی ئەم ماددە نەبێت .
**شەشەم :** ئەگەر لێسەندنەوەی مۆڵەتەکە بە هۆکاری بەکارهێنانی توندوتیژی دژی منداڵ بوو ئەوا خاوەنی دایەنگاکە بۆی نییە دووبارە داواکاری پێشکەش بکات تەنانەت دوای تێپەربوونی ماوەی هاتوو لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا .

**ماددەی (٥):** زیاد کردنی ماددەیەك دوای ماددەی (چواردە) و بەپێی گۆرانکاری ماددەکان ریز بەندی نوێ وەردەگرن ، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی :
**یەکەم:** لە کاتی گواستنەوەی خاوەنداریەتی دایەنگای ئەهلی پێویستە مۆڵەت بە هەمان مەرجەکانی هاتوو لە ڕێنمایی دایەنگاکان ، نوێ بکرێتەوە .
**دووەم:** بۆ گۆڕینی ناوی دایەنگا داواکاریەك پێشکەش دەکرێت ، کە تیایدا هۆکاری گۆڕینەکە دیاری کرا بێت و پێویستە ناوی دایەنگا کوردی یاخود پەیوەندار بێت بەجیهانی منداڵ. و دەکرێت لەو ناوچانەی کەپێکهاتەکان زۆرینەی دانیشتوانی پێکدەهێنن ، ناو و ڕەنووسی زمانی ئەوانیش بەکار بێت.
**سێیەم:** گواستنەوەی دایەنگا لەو بینایەی کە تیایدایە بۆ بینایەکی تر ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دەبێت ، لەمەشدا رەچاوی باشترکردنی بینای دایەنگا دەکرێت.

**ماددەی (٦):** ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی ماددەی (پازدە) دەگرێتەوە :
پێویستە حوکمەکانی هەردوو یاسای کارو یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کریکارانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان لەسەر سەرجەم کارمەندانی دایەنگا ئەهلی و تایبەتیەکان جێبەجێ بکرێت ، لەمانە :

**یەكەم:** كارمەندانی ئەم دایەنگانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان ، دەستەبەرییان بۆ دەكرێت .

**دووەم:** كاتی كاركردنیان بە گوێرەی یاسای كار دەبێت ، وە نابێت بە هیچ شێوەیەك كاتەكانی كاركردن لە (٨) هەشت كاتژمێر زیاتر بێت .

**سێیەم:** كەمترین كرێی كاركردنی كارمەند لەدایەنگاكان بە گوێرەی لایەنی كەمی كرێی كرێكاری ناكارامە دەبێت .

**ماددەی (٧):**

زیادكردنی ماددەیەك دوای ماددەی (پازدە) و بەپێی گۆرانكاری ، ماددەكان ریز بەندی نوێ وەردەگرن ، كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی :

**یەكەم:** وەزارەت ساڵانە پلانی پێویستی دادەڕێژێت بە مەبەستی كردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ ستافی دایەنگا تازە مۆڵەت پێدراوەكان هەروەها ئەوانەی پێشتریش مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەمەشدا گرنگی بە پەروەردە و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ منداڵ و فریاگوزاری سەرەتایی و كارە كارگێرییەكان دەدرێت .

**دووەم:** ساڵانە هەڵسەنگاندنی دایەنگاكان لە ڕێگەی فۆڕمێكەوە لە لایەن دایك و باوكی منداڵانەوە ئەنجام دەدرێت .

**ماددەی (٨):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت .

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ٣٣٨ لە ٢٠٢٢/١/١٧**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٦٦٩) لە ٢٠٢١/٧/٢٥ و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە رێنماییە داراییەکان ژمارە (٤٢) لە ٢٠٢١/١١/٢ برگەی چوارەم برپارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە پێشینەی پلانی لەناکاو**

١- لەبەر ئەوەی ئەم پێشینەیە ناوی پێشینەی لەناکاوە بۆیە دەبێت خەرج کردنەکەشی بۆ حالەتە لەناکاوەکان (رووداوە سروشتییەکان) بێت وەکو (لافاو ، بومەلەرزە ، ئاگرکەوتنەوە).

٢- ئەم پێشینەیە ناکرێت بۆ حالەتەکانی (چاککردنەوە و کڕین و هاوکاری و دامەزراندن و قەرەبووکردنەوە و تمویلی فەرمانگەکانی سنوری پارێزگاکان خەرج بکرێت).

٣- ئەم پێشینەیە سەرجەم رێنماییە بەرکارەکانی پێشینەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

٤- ئەم پێشینەیە شێوەی مانگانەی نیە تەنها لەکاتی روودانی حالەتی لەناکاو خەرج دەکرێت لەسەرەتای ساڵدا تەنها پێشینەیەک خەرج دەکرێت تاکو روودانی حالەتی لەناکاو بۆ جاری دووەم خەرج دەکرێتەوە .

٥- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ٣٦٢ لە ٢٠٢٢/١/١٨**

پاڵپشت بە هەر دوو نووسراوی ئەنجومەنی وەزیـران ژمـارە (١٠١٢٧) لە ٢٠٢١/٨/٢٩ و ژمـارە (١١٤٨١) لە ٢٠٢١/٩/٢١ و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمـارە (٤٥) لە ٢٠٢١/١١/٣٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی (EIA)**

١- بەرامبەر کرێی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیـی (EIA) لە خـاوەن پـڕۆژە وەردەگیرێت بەم شێوەیەی خوارەوە : -

أ- بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی پۆلینی (أ) .

ب- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی پۆلینی (ب) .

٢- تێچووی کرێی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی (EIA) لە کۆی بڕی وەرگیراو کە لە خاڵی (١)ی سەرەوە دیاری کراوە خەرج دەکرێت . .

٣- دوای دەرکردنـی تێچـووی ڕاپـۆرت کە لە خـاڵی (٢)ی سـەرەوە دیـاریکراوە ، ئەو بـڕە پـارەیەی کە دەمێنێـتەوە ڕێـژەی (٦٥%) بـۆ گەنجیـنەی حکـومەت و (٣٥%) بـۆ هانـدانی فەرمـانبەرانی فەرمانگەکانی سەر بەدەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەیـی دەبێـت بەپێـی سـەرجەم بـڕگە و خاڵەکانی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

٤- ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی ( وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ٦٢٧ لە ٢٠٢٢/١/٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٣ / یە کەم / یەکەم-٢) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هە رێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠ و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٠/١٢/٢ وە پاڵپشت بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی٢٠٢١ یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ماف و ئیمتیازاتەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ بڕیارماندا :

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە دەرماڵە لەبڕی کەمئەندامی**

١-دیاریکردنی مافی (دەرماڵەی لە بری کەمئەندامی ) بەڕیژەی (٥٠٪) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەرەتی کە مئەندامی فەرمابنەر بەمەرجێک لە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هە زار دینار تێپەڕ نەکات .

٢-دەرماڵەی هاتوو لە برگەی (١)ی سەرەوە بەپێی رێژەی کەمئەندامی دیاری دەکرێت لە لایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆرەوە بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەو ڕێنماییەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات لە بەر ڕوشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هە رێمی کوردستان -عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ .

٣- لە کاتی خانەنشینکردنی فەرمانبەری کەمئەندام بڕی (١٠٠٠٠٠) هە زار دینار وەکو هاوکاری خەرج دەکرێت بۆ کەمئەندامی خانەنشینکراو لە بەرێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٤-ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچە خۆران تایبەت بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەکو بارودۆخیان بگونجێنرێت لەگەڵ برگەکانی ئەم بڕیارە .

٥- ئەم ڕێنماییە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی وئابووری**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە: ١٢١٥ لە ٢٠٢٢/٢/٦**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٢) لە ٢٠٢٢/١/١٩ تایبەت بە لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) لەو پێشینانەی حکومەت لەلای هاووڵاتیانە وەک (پێشینەی خانووبەرە و قەرزی سندوقی نیشتەجێ بوون و بانکی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پیشەسازی و گەشتیاری ) کۆنووسی لیژنەی دەرکردنی و پێداچوونەوە بەرێنماییە داراییەکان ژمارە (٥١) لە ٢٠٢٢/٢/١ بڕیارماندا :

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%)**

١- داشکانی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە لەو پێشینانەی حکومەت لەلای هاووڵاتیانە وەک (پێشینەی خانووبەرە و قەرزی سندوقی نیشتەجێ بوون و بانکی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی بچووک و پێشینەکانی بانکی کشتوکاڵی و پێشینەی پیشەسازی و گەشتیاری ) بەمەرجێک هاووڵاتیان ئامادەبن تا (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١٩ تەواوی پێشینەکان بۆ حکومەت بگەڕێننەوە .

٢- دوای جێبەجێ کردنی خاڵی (١)ی سەرەوە تەواوی سزای دواکەوتن کە هاتووەتە ئەو پێشینانە لێخۆشبوونیان بۆ بکرێت .

٣- داشکانی ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە لە بڕی پابەندی دارایی کەڵەکەبووی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار ( شارەوانیەکان ، گەشت وگوزار ، ئاو) بەمەرجێک کەس و لایەنی بەرپرسیار لەو پابەندییە داراییە ئامادەبن تا (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەواوی بڕی ئەو پابەندییە داراییانە بۆ حکومەت بگەڕێننەوە .

٤- بڕگەکانی سەرەوە لێخۆشبوونی تەواوی سزای دارایی دواکەوتنی قەرزی پارەی بەشدارییەکان (مساهمات صندوق الضمان الاجتماعي)تایبەت بەدەستەبەری کۆمەڵایەتی(الضمان الاجتماعي)یش دەگرێتەوە بەمەرجێک خاوەنکار تەواوی پارەی کەڵەکەبووی بەشدارییەکان بەشێوەی نەقد بەیەکجار بدات لەماوەی دەستنیشانکراو لە سەرەوە .

٥- لێخۆشبوون لە تەواوی سزا و سووی دواکەوتنی پەیوەست بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لەسەر باج و ڕەسمی کەڵەکەبوو بەمەرجێک تەواوی باج و ڕەسم بدرێت بە حکومەت لەماوەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە .

٦- بڕگەکانی سەرەوە خودی باج و ڕەسم ناگرێتەوە کە بەپێی دەستوور دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا لێخۆشبوون لە ڕەسم و باج ڕێکبخرێت و قەرزە بازرگانییەکانیش ناگرێتەوە کە بەکۆمپانیا و

بەڵێنــدەر و وەبەرهێــنەران دراون وەک ئاســانکاریی بــانکی لەلایەن بــانکە بازرگانییەکــانەوە و لەچوارچێوەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ رێکخراوە .

٧- ئەو باجـدەرانەی کە بەپێـی ماددەکـانی (٥٧ و ٥٨)ی یاسـای بـاجی دەرامەت ژمـارە (١١٣)ی سـاڵی ١٩٨٢ی هەمــوارکراو ئاراســتەی دادگاکــان کــراوە و هەروەهــا ئەو بڕیــارانەی کە لەلایەن لیــژنەی (استئنافیە) دەرچووە ئەم لێخۆشبوونە نایانگرێتەوە .

٨- ئەو پاژە (تقسیط)انە کە لەلایەن بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میـری کە بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێـدراوە دەرکـراوە لە سـزای دواکەوتـن و سـوو دەبەخشـرێن لە مـاوەی (٩٠) رۆژی کارکردن بەمەرجێک تەواوی رەسم و باجەکان بگەرێننەوە .

٩- بـۆ پێشـکەش کردنـی هەمـوو جـۆرە ئاسـانکارییەک لە چوارچێـوەی یاسـا بەرکارەکـان بەشـێوازی (تقسیط)یشەوە بۆ پێدانی باج و ڕەسمی کەڵەکەبوو بەمەرجێک داواکاری بۆ سـوودمەندبوون لەو ئاسـانکارییە پێشـکەش بکرێـت لە مـاوەی هـاتوو لە بـڕگەی (١)ی سـەرەوە لە دەسـەڵاتی وەزیـری دارایی و ئابووریدایە .

١٠-ئەم ڕێنماییە لەڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/١/١٩ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی وئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٧٤٢ لە ٢٠٢٢/٢/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٣٦/ برگەی ١) لە یاسای هاتوچۆی فیدراڵ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندابە :

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەمواری یەکەمی ڕێکخستنی کاری نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری**

**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

هەمواركردنی ڕێنمایی سەرەوە کە لەژمارە (٢٦٢) لە ٢٠٢١/٢/١٨ لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە ، بەم شێوەی خوارەوە :

**ماددەی (١) :**

هەمواركردنی ماددەی (٦) بڕگەی (یەکەم /١) لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە ( ماددەی ٦/ بڕگەی یەکەم / ١- بڕوانامەی سەرەتایی کەمتر نەبێت )

**ماددەی (٢) :**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بەیان:** (١)

**مێژوی بەیان:**٢٠٢٢/٢/١٠

**بەیان**

پشت بە حوكمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای بڵاوكردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان) و، لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە هاوپێچی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای كۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان - عێراق)، بەپێویست زانرا هاوپێچی یاساكە كە (خشتەی ڕەسمەكان)ە بڵاو بكرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان.

**خشتەی ڕەسمەكان**

وەزارەت ئەو ڕەسمانەی خوارەوە وەردەگرێت بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە:

**یەكەم:** (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوازدە ملیۆن دینار بەرامبەر پێدانی مۆڵەت بۆ جاری یەكەم.

**دووەم:** (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار بەرامبەر نوێكردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت.

**سێیەم:** (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر داواكردنی مۆڵەت یان داواكردنی نوێكردنەوە.

**چوارەم:** (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر دەركردنی هەر ناسنامەیەكی هەڵگرتنی چەك یان ناسنامەی كارمەندی كۆمپانیا بۆ ماوەی یەك ساڵ.

**پێنجەم:** (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر دەركردنی هەر باجێكی ئوتومبێلەكانی كۆمپانیا بۆ ماوەی یەك ساڵ.

**منی نبی قهوچی**

**سكرتێری پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٣٠٠ لە ٢٠٢٢/١/٣١**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بە حوکمی مادده (٢٢) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە بەر بەرژەوەندی گشتی ، بریارماندا بە :-

**یەکەم**: پێکهێنانی دادگای بەرایی لە هەر چوار ناوچەکانی تێهەڵچوونەوە لە ( هەولێر / سلێمانی / دهۆک / کەرکوک / گەرمیان ) بەناوی ( دادگای بەرایی تایبەتمەند بە بینینی داوایەکانی بازرگانی ) وە تایبەتمەند دەبێت بە بینینی ئەم داوایانە کە لە خوارەوە هاتووە .

١-داواکانی بازرگانی کە یەکێك لە لایەنەکانی داوا بیانی بێت .

٢- ئەو ناکۆکیانەی پەیوەستە بە گرێبەستەکانی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان لە لایەن دەستەی وەبەرهێنان وەرگرتووە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان .

٣-ئەو داوایانەی پەیوەستن بەهێما بازرگانیەکان ( العلامات التجارية ) .

٤-دادوەری بە پەلە و فەرمان لەسەر داواکاریەکان (القضاء المستعجل و الاوامر على العرائض) تایبەت بەو بابەتانەی پەیوەندیان بەو تایبەتمەندیەکانی کە لە برگە (٣،٢،١)ی سەرەوە هاتووە .

**دووەم**: دادگای ئاماژەپێکراوی سەرەوە لە ڕووی تایبەتمەندی شوێن ( الاختصاص المكاني ) لە چوار چێوەی سنوری ئیدارەی هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە دەبێت و بارەگاکەی لە سەنتەری دادگای تێهە ڵچوونەوە دەبێت .

**سێیەم**: ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**بەیانی**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦ و ٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، بڕیارماندا بە:-

١-کردنەوەی شارەوانی نوێ لە سنووری (تووە سپی) سەر بە پارێزگای سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٨٠٧ لە ٢٠٢٢/١/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانەکایەی گوندی پیران مقلوب**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٥٩١٠) لە ٢٠٢١/١١/١ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی **(پیران مقلوب)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ لە سنووری ناحیەی زیلکان/قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (١٨٢ دۆنم و ٢٣ ئۆلک و ٩٩ م٢) سەد و هەشتا و دوو دۆنم و بیست و سێ ئۆلک و نەوەد و نۆ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی ٧٠/پیران مقلوب/ شێخان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٩١٧ لە ٢٠٢٢/٢/٢**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانەکایەی هەردوو قەزای (عەنکاوە) و (پیرمام)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٢٦) بڕگە یەکەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤٣٧)لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ و فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٤٠) لە ٢٠٢٢/١/١٩ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥٤٩) لە ٢٠٢١/١٢/١٣ و نووسراومان ژمارە (٢٤٢١٨) لە ٢٠٢١/١١/٢٩ و نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٥٥٠٦) لە ٢٠٢١/١١/٢٨ و (٤٦٩٧) لە ٢٠٢١/١٠/١٧ ونووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٥٦١) لە ٢٠٢١/١٠/٢٦ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٧) و (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**عەنکاوە**) سەربە پارێزگای هەولێر بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**دووەم:** هێنانەکایەی قەزای (**پیرمام**) سەربە پارێزگای هەولێر بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٩١٨ لە ٢٠٢٢/٢/٢**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هێنانەکایەی قەزای (بازیان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (٢٦) بڕگە یەکەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤٣٨)لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ و فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (١٤١) لە ٢٠٢٢/١/١٩ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥٤٨) لە ٢٠٢١/١٢/١٣ و نووسراومان ژمارە (٢١٥٨٩) لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ و نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٩٩٢٦) لە ٢٠٢١/٩/٢٨ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای **(بازیان)** سەربە پارێزگای سلێمانی بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٢٦٤ لە ٢٠٢٢/٢/٧**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**گۆڕینی ناوی گوندی (کانی مانگا) بۆ (کەژان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگە (١٣)ی ماددەی (٦) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمووارکراو ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و نووسراومان ژمارە (٢٤٤٦٨) لە ٢٠٢١/١٢/٢ و نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٢٧٢٣)لە ٢٠٢١/١٢/٢و(٦٦٣)لە ٢٠٢٢/١/١٧ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** گۆڕینی ناوی گوندی **(کانی مانگا)** بۆ **(کەژان)** لە سنوری پارێزگای سلێمانی / قەزای پێنجوێن .

**دووەم:** هێنانەکایەی قەزای **(پیرمام)** سەربە پارێزگای هەولێر بەپێی نەخشەی نووسراوەکانی سەرەوە.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

- گواستنەوەی بەرێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (سۆران – زاخۆ - بتوێن) سەر بە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ( هەولێر - سلێمانی -دهۆک) بۆ سەر میلاکی دیوانی وەزارەتمان بەمەبەستی باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکان .
- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (١٧١٤) لە ٢٠٠٧/٢/١٨ بڕیارماندا بە:-

١- دامەزراندنی یەکەی وەبەرهێنان لە دیوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپەڕاندنی و جێبەجێ کردنی مامەڵەکانی وەبەرهێنان لە وەزارەت .
٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بنکەی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ناحیەی ( بێکۆڤا و دەرکارێ) سەر بەبەرێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە سنوری ئەو ناحیانە .
٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٥) لسنة ٢٠٢٢**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١٢) بتاريخ ٢١\١٢\٢٠٢١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٩) لسنة ٢٠٢١**
**قانون التعديل الأول لقانون وزارة المالية والاقتصاد**
**لإقليم كوردستان - العراق رقم (٥) لسنة ٢٠١٠**

**المادة (١)**

يلغى نص المادة (الخامسة عشرة) من القانون ويحل محله ما يأتي:

**المادة (الخامسة عشرة): المديرية العامة لشؤون التأمين:**

**أولاً**: يديرها مدير عام حاصل في الأقل على شهادة جامعية أولية في القانون أو الإدارة أو الاقتصاد، ومن ذوي الخبرة والاختصاص، ويتولى الرقابة على شركات التأمين ونشاطاتها ومتابعتها.

**ثانياً**: تحل مديرية التأمين محل فروع الشركة العامة للتأمين في المحافظات والإدارات المستقلة وترتبط بالمديرية العامة لشؤون التأمين.

**المادة (٢)**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٣)**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٤)**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية إعادة هيكلة وتنظيم الرقابة على شؤون شركات التأمين ومتابعتها وتحويل الشركة العامة للتأمين إلى مديرية عامة في الإقليم، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزانى**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٢/١/٢٥**

**وزارة العمل والشؤون الاجتماعية**

**رقم: ٧٣٥ في ٢٠٢٢/١/٣٠**

استناداً لأحكام الفقرة (٢) من المادة (١٠٥) وبالإشارة الى المادة (٣٧/ ثانياً) من قانون الرعاية الاجتماعية (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل ، قررنا إصدار التعليمات الآتية:

**رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢**

**تعليمات الأسرة البديلة**

**المادة (١): التعاريف**

يقصد بالعبارات والمصطلحات الآتية لأغراض هذه التعليمات المعاني المبينة ازاءها:-

**أولاً: الأقليم** :إقليم كوردستان _العراق.

**ثانياً: الوزارة** : وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم.

**ثالثاً: المديرية العامة** : المديريةالعامة للرعاية والتنمية الإجتماعية في المحافظات والإدارات المستقلة في الإقليم.

**رابعاً: المديرية** : مديرية الرعاية الاجتماعية في المحافظات والإدارات المستقلة في الإقليم.

**خامساً: شعبة الأسرة البديلة:** الشعبة التي تقوم بالأعمال والمهام المتعلقة بألحاق طفل بأسرة بديلة .

**سادساً: الأسرة البديلة** : هي الأسرة التي لا ينتمي اليها الطفل بايلوجياً، ولكنه يعهد اليها ليعيش في كنفها لحمايته وتأمين الرعاية البديلة له، ( وتتكون من الزوج والزوجة أو الزوجة أو المرأة لوحدها سواء كانت مطلقة أو أرملة أو من في حكمهن) .

**سابعاً: الطفل:** كل شخص طبيعي لم يكمل الثامنة عشرة من عمره.

**ثامناً: الرعاية البديلة:** تأمين المتطلبات والحاجات الضرورية لتربية الطفل ونمائه فى أسرة بديلة و تعويضه بالعطف والحنان الذى فقده فى أسرته البايلوجية ولمدة محددة.

**تاسعاً: إتفاق الرعاية البديلة** : هو الإتفاق الموقع بين مقدمي الطلب و المديرية/ شعبة الرعاية البديلة.

**عاشراً: عقد إيداع الطفل:** الإتفاق المبرم بين المديرية والأسرة البديلة حول إيداع الطفل لديها.

**المادة (٢):**

تهدف الرعاية البديلة الى توفير أنواع الرعاية المختلفة للأطفال المشمولين بالرعاية الأسرية وتربيتهم تربية سليمة وتعويضهم عما فقدوه من عطف وحنان من خلال تهيئة البيئة المنزلية المناسبة البديلة لهم.

**المادة(٣):** أنواع الرعاية البديلة حسب المدة :

تنقسم مدة الرعاية (بقاء الطفل في الأسرة البديلة) الى :

**أولاً:** الإيداع الطارئ : ويمتد كحد أقصى الى (٦)أشهر.

**ثانياً:** الإيداع لمدة قصيرة : أكثر من (٦) أشهر الى (٣)سنوات.

**ثالثاً:** الإيداع لمدة طويلة : أكثر من (٣)سنوات ولحين إكمال الطفل الثامنة عشرة من عمره.

**رابعاً:** يجوز للأسرة البديلة الإستمرار بكفالة الطفل ورعايته لحين إكماله الدراسة الجامعية الأولية بإتفاق الطرفين ، وبالنسبة للأنثى لحين زواجها.

**المادة (٤) :** الشروط الواجب توافرها لشمول الطفل بالرعاية البديلة :

**أولاً:** الذي يعاني من مشاكل أسرية أو فقد رعاية الوالدين أو إحدهما لأي سبب كان أو إنعدام إهلية أحد الوالدين أو كلاهما أو الوصي أوالمتولي أو لأي سبب موجب اخر.

**ثانياً:** أن يقل عمره عن ثمانية عشرة سنة.

**ثالثاً:**أن يبقى في إحدى دور الدولة الخاصة بالأحداث لمدة تحددها المديرية قبل إلحاقه بأسرة بديلة.

**المادة (٥) :**

**أولاً:** الشروط الواجب توافرها في الأسرة البديلة:

١- عراقية و مقيمة في الإقليم.

٢- معروفة بحسن السيرة والسلوك.

٣- سالمة من الأمراض المعدية .

٤- قادرة على إعالة الطفل وتأمين خدمات الرعاية البديلة له وأن تتوفر فيها حسن النية.

٥- أن يزيد عمر كل من الزوجين أو الزوجة إذا كانت لوحدها عن **٢٥** سنة.

**ثانياً: المستمسكات الواجب تقديمها:**

١- طلب موقع من قبل الزوجين معاً إذا كانا على قيد الحياة أو من يحق له تقديم الطلب

٢- شهادة الجنسية العراقية و بطاقة الأحوال الشخصية و بطاقة المعلومات .

٣- تقرير طبي صادر من جهة طبية مختصة معتمدة .

٤- كتاب تأييد الآسايش .

٥- شهادة عدم المحكومية .

**ثالثاً:** أن يجتاز مقدموا الطلب دورات خاصة حول كيفية تربية الطفل الملحق اليهم.

**المادة(٦) :** تشكيل ومهام شعبة الرعاية البديلة:

**أولاً:** تشكيل شعبة الرعاية البديلة:

تقوم الوزارة بتشكيل شعبة في المديريات تسمى ب(شعبة الرعاية البديلة) تتألف من:

١- مسؤول الشعبة: باحث اجتماعي أو نفسي وله خبرة في هذا المجال لا تقل عن ثلاث سنوات.

٢- عدد من الباحثين الإجتماعيين و النفسيين : يحدد عددهم وفقا لمتطلبات العمل ويتم تدريبهم في مجال الرعاية البديلة، وكالآتي:

أ. أن يختص عدد منهم بالعمل مع الأسر البديلة (مقدمي الرعاية البديلة) على أن لا يتجاوز عدد الأسر عن (١٥) أسرة لكل باحث.

ب. وأن يختص عدد آخر منهم بالعمل مع الأطفال المودعين لدى الأُسر البديلة (المستفيدين) على أن لا يزيد تعاملهم مع أكثر من(١٥) طفلاً.

ج. يجوز تكليف الباحث الإجتماعي أو النفسي بالتعامل مع عدد من الأسر والأطفال على أن لا تكون ضمن الأسرة البديلة ذاتها .

٣- عدد من الموظفين تحدد مؤهلاتهم وشهاداتهم وفق متطلبات وطبيعة العمل وحجمه.

**ثانياً:** مهام وواجبات الشعبة:

١- إستلام الطلبات وتسجيلها مرفقاً بها كافة المستمسكات المطلوبة ، دراستها ، تقييمها وكتابة التقرير النهائي بشأنها مع التوصية لرفعها الى لجنة الرعاية البديلة .

٢- تقديم المعلومات الخاصة بالرعاية البديلة لمقدمي الطلبات.

٣- القيام بتدريب الأسر مقدمي الطلبات على كيفية التعامل مع الأطفال وتربيتهم وتقديم الخدمات الحياتية المختلفة لهم.

٤- مسك سجلات وملفات خاصة بالأسر البديلة والأطفال المشمولين بالتعليمات والحفاظ على سريتها.

٥- إجراء زيارات ميدانية للأُسر البديلة والأطفال المودعين لديها والإشراف عليها للوقوف على مدى إلتزامها بتعهداتها ، وتقديم الحلول والمعالجات اللازمة للمشاكل التي تحول دون تأقلم الطفل مع البيئة الجديدة ومتابعتها بإستمرار.

٦- القيام بزيارة الطفل في المدرسة والتعاون مع الجهات المعنية برعايته، متابعته, إرشاده والوقوف على مشاكله وحلها بالتنسيق مع مسؤوليه.

٧- مراجعة خطة الرعاية الخاصة بالأسرة البديلة والطفل.

٨- التواصل مع الأسرة البايولوجية للطفل وتقديم الدعم اللازم لها وتواصلها مع طفلها اذا تطلبت مصلحة الطفل ذلك.

٩- القيام بجمع المعلومات عن مقدمي طلب إلحاق طفل اليهم والإتصال بالجهات المعنية والمنظمات المختصة بهذا المجال وشخصيات المنطقة للتأكد من المعلومات المقدمة والوقوف على مؤهلاتهم وإمكانياتهم لتربية الطفل من النواحي كافة .

**المادة (٧) :**

**أولاً:** تتشكل لجنة بقرار من المديرية العامة للنظر والبت في الطلبات المقدمة والمحالة اليها من شعبة الرعاية البديلة، وتتكون من:

| | |
|---|---|
| ١- مدير الرعاية الإجتماعية | رئيساً. |
| ٢- مسؤول شعبة الرعاية البديلة | نائباً للرئيس. |
| ٣- موظف قانوني | عضواً |
| ٤- ممثل عن المديرية العامة | عضواً |
| ٥- مسؤول الشعبة الصحية في المديرية | عضواً |

**ثانياً:**يكون لِلّجنة سكرتير ينسبه مدير الرعاية الاجتماعية , يقوم بتوحيد المستمسكات والوثائق وتدوين محاضر الإجتماعات ويقوم بإجراء التبليغات وكل الأُمور المتعلقة بهذا الشأن.

**ثالثاً:** يحق لِلّجنة الإتصال بمن تراه ضرورياً ومناقشة الأمور مع الجهات الموثوقة من المنظمات العاملة في هذا المجال وشخصيات المنطقة .

**رابعاً:**

١- للّجنة المُشَكْلة صلاحية الموافقة على طلب الأسرة أو رفضه على أن يكون مُسبباً، وإعادة الطلب للشعبة مرفقاً بالتوصيات ، وتحدد عمر وجنس الطفل ومدة بقائه لدى الأسرة بإتفاق الطرفين و يجب مراعاة حالة الطفل وعمره عند إيداعه لدى الأسرة البديلة كمراعاة حالة وجود شباب أو شابات مماثلين في الجنس ومتقاربين لعمر الطفل المودع لدى الأسرة البديلة , وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة.

٢- على اللجنة إتخاذ القرار خلال شهر من تأريخ ورود الطلب اليها , مرفقاً بتقرير التقييم .

٣- في حالة الموافقة على الطلب يتم توقيع إتفاق بين الأسرة والمديرية بموجب نموذج خاص معد لهذا الغرض ويتحول مقدم الطلب بموجب هذا الإتفاق الى أسرة بديلة .

٤- في حالة رفض طلب الأسرة , فلها التظلم لدى المدير العام خلال مدة **(١٥)** يوماً من تأريخ تبلغها بقرار الرفض ، ويكون قرار المدير العام باتاً.

**خامساً:** تعقد اللجنة جلساتها كلما أقتضى الأمر ذلك.

**المادة (٨) :**

**أولاً:** إجراءات إعداد وتهيئة الأسرة البديلة :

١- تقديم الطلب من قبل الأسرة .

٢- شرح و توضيح التعليمات الخاصة بالأسرة البديلة لمقدمي الطلب .

٣- تقديم المستمسكات اللازمة لشعبة الرعاية البديلة .

٤- جمع المعلومات عن الأسرة.

٥- تدريب الأسر وتأهيلها بعد التدقيق والتقييم.

٦- رفع الطلب والمستمسكات الى لجنة الأسرة البديلة للنظر والبت في المعاملة.

٧- في حالة الموافقة على الطلب يتم توقيع إتفاق بين الأسرة و المديرية .

**ثانياً:** بعد توقيع الإتفاق بين الأسرة و المديرية يتم إختيار وتسليم الطفل الى الأسرة البديلة بموجب عقد معدَ لهذا الغرض , ومن ثم تقوم شعبة الرعاية البديلة بواجباتها وفقاً للمادة السادسة من هذه التعليمات .

**المادة (٩) :**

على شعبة الرعاية البديلة فتح دورات تدريبية للأسر البديلة لغرض تأهيلها وتزويدها بالمعلومات الخاصة بكيفية تربية الطفل المودع لديها تربوياً وإجتماعياً وصحياً والنواحي الحياتية كافة، وكذلك التواصل مع هذه الأسر بإستمرار لتقديم الإرشاد والمساعدة الفنية لها وحل مشاكلها وتذليل الصعوبات والعراقيل التي تعترضها من خلال الزيارات الميدانية لها.

**المادة (١٠):**

**أولاً:** تلتزم المديرية العامة بصرف مبلغ شهري قدره ( ٢٠٠٠٠٠ ) مائتا ألف دينار للأسرة البديلة لرعاية الطفل دون السن السادسة من العمر ، و مبلغ ( ٣٠٠٠٠٠ ) ثلاث مائة ألف دينار لمن هو فوق ذلك , طوال مدة رعايتها له .

**ثانياً:** تودع مقدار ( ١٠% ) من المبالغ المذكورة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة لحساب الطفل في إحدى البنوك الحكومية .

**المادة (١١):**

**أولاً:** على الأسرة البديلة إستحصال موافقة المديرية ، في حالات تَطلُب إحداث تغييرات في ظروف الطفل المودع لديها كحاجته لإجراء عملية جراحية له أو تغيير مدرسته أو حالة الأقبال على الزواج أو ....... ، أو ظروف تخص الأسرة البديلة كنقل محل سكنها ، سفرها الى خارج القطر أو محافظات داخل الإقليم .

**ثانياً:** لا يحق للأسرة البديلة تسليم الطفل المودع لديها الى أُسرته البايلوجية أو أيه أُسرة أخرى إلا بموافقة المديرية .

**ثالثاً:** لا يحق للاسرة البديلة وضع الطفل في الحضانة خلال السنة الأولى من تأريخ تسلمه .

**رابعاً:** على الأسرة البديلة إخبار المديرية وأقرب مركز للشرطة في حالة هروب الطفل أو فقدانه أو وفاته أو.. .

**المادة (١٢):**

يحق للمديرية العامة إنهاء عقد الأيداع الموقع مع الأسرة البديلة قبل إستكمال مدته في الحالات الآتية:

**أولاً:** إنتهاك الأسرة البديلة للشروط والضوابط الخاصة بالرعاية البديلة وعدم الإلتزام بتعهداتها الواردة في عقد الإيداع بعد إخطارها وإنذارها لمرة واحدة وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة.

**ثانياً:** تقديم طلب من الأسرة البديلة وإعلان رغبتها في إنهاء عقد الإيداع لأي سبب كان.

**ثالثاً:** إذا تقدمت الأسرة البايلوجية للطفل بطلب يتضمن رغبتها برعاية طفلها وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة بعد زوال الأسباب التي أدت الى إيداع الطفل في دور الدولة بما يحقق مصلحة الطفل الفضلى .

**المادة (١٣):** تلغى تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧.

**المادة (١٤) :**تنفذ هذه التعليمات إعتباراً من تأريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**كويستان محمد عبدالله**
**وزيره العمل والشؤون الاجتماعية**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

**رقم البيان:** (١)

**تأريخ البيان:١٠/٢/٢٠٢٢**

**بيان**

استناداً إلى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ (قانون النشر في الجريدة الرسمية - وقائع كوردستان)، ونظراً لوجود خطأ في الطباعة بخصوص ملحق القانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٢١ (قانون الشركات الأمنية الخاصة في إقليم كوردستان - العراق)، رأينا ضرورة نشر ملحق القانون (جدول الرسوم) في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**جدول الرسوم**

تستوفي الوزارة الرسوم الآتية بموجب أحكام هذا القانون:

**أولاً**: (١٢,٠٠٠,٠٠٠) أثنا عشر مليون دينار مقابل منح الإجازة لأول مرة.

**ثانياً**: (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار مقابل التجديد السنوي للإجازة.

**ثالثاً**: (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار مقابل طلب الإجازة أو طلب التجديد.

**رابعاً**: (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار مقابل إصدار كل هوية لحمل السلاح أو هوية منتسب الشركة لمدة سنة واحدة.

**خامساً**: (٢٠٠,٠٠٠) مائتا ألف دينار مقابل إصدار كل بطاقة لعجلات الشركة لمدة سنة واحدة.

**منى نبي قهوچى**

**سكرتير برلمان كوردستان - العراق**